# سەرکی دادگای فیدراڵی و سەرۆك وەزیرانی ئوردنی میکانیزمی هاوکاری هاوبەش تاوتوێ دەکەن



ئەمڕۆ پێنجشەممە، دادوەر جاسم عەمری، سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی، لەگەڵ بەشر خەسوانە، سەرۆك وەزیرانی ئوردن، میکانیزمی هاوکاری هاوبەش و ئاڵوگۆڕی شارەزایی یاسایی، بەمەبەستی گفتوگۆ بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات تاوتوێ کرد.

دادگای فیدراڵی، لە راگەیندراوەکدا باڵاویکردەوە، لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ عەممانی پایتەختی ئوردن، سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، دادوەر جاسم عەمری شاندی یاوەری لەگەڵ بەشر خەسوانە سەرۆك وەزیرانی ئوردن و ژمارەیەك بەرپرسی حکومەتی ئوردن کۆبوونەوە .

بە گوتەی راگەیندراوەکە ،"لە کۆبوونەوەکەدا میکانیزمێك بۆ هاوکاری هاوبەش و ئاڵوگۆڕی شارەزایی یاسایی خرایەڕوو، بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی هەردوو وڵات بەدیبهێنێت".